# ئەنفال کۆست و 4/14

فەرەیدون حەمەڕەشید   سویسرا

ئەنفال ئەوکۆست ومەینتی یەدژەمرۆڤایەتیەیەکەبەئاسانی وبەتێپەڕاندنی دەیان ساڵی زەمەن لەناویادەوەریەکانی کۆمەڵگایی کوردی ناسڕێتەوە,ووشەی ئەنفال لای تاکی کوردمۆتەکاوی یەولەگۆێ بیستنی دا نەفرەت لەمرۆڤایەتی و عەقڵی ڤاشیزم ونەتەوەچیێتی دەکات .ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس هەڤدەساڵ پێش لەوەدڵنیابوو خەڵکی کوردستان وبزووتنەوەئازادیخوازیەکەی سەرەڕای ماندووبوون وشکستی کاتی,دەست بەرداری درێژەدان بەشۆڕش وبەرەنگاربوونەوە نابن تاگەیشتنیان بەترۆپکی ئازادی,ئەوە بوو بەعسییەکان بەئاشکراشەڕی خەڵکی کوردستان وهاووڵاتیانی بێ دیفاعیان کردەئامانج وبەرەی شەڕەکانیان,لەژێرناوی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال,بەڕاگەیاندنەدرۆینەکانی بەعس
بۆ سەرنگووم کردنی لەدین وەرگەڕاوەکان دەستی پیکرد بۆبەچۆکدادان ودەستەمۆکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان ,بەرەی ئەوشەڕەپڕتراژیدیایە کەتاوە کوئێستا ئاسەوارە کۆمەڵایەتی وپڕنێگەتیڤەکانی بەزیندووی ماوەتەوە,لەپێش ڕۆژەکانی 1988/4/14 وە دەستی پێکردووە بەڵام لەمێژووی ڕەشی 1988/4/14 دا پرۆسەی ئۆپراسێۆنەکانی ئەنفال لەگەرمیان دا تەواوی ئامانجەکانی بۆڕژێمی لەناوچووی بەعس بەدیهێنا,ئەوڕۆژە زۆرترین ژمارەی قوربانی وگەورەترین پانتایی گەرمیانی گرتەوە,گواستنەوەی حەشاماتی ئەنفال بۆ بیابانەقێزەوەنەکەی عەرعەر یان تاقیگەکیمیاویەکان, تێکەڵاووبوولەگەڵ زیقەی منداڵ ونەڕەی ئیڤاکانی سوپاخوێناویەکەی بەعس وهەڵپەی تاڵانی خۆفرۆشان,قوربانیانی پرۆسەی ئەنفال کەنزیکەی 200هەزارکەس بوون زۆرترینیان ژن ومنداڵ وپیربوون گەورەترین پاکتاوی نەژادی یەلەبەرمبەر نەتەوەیەك داکرابێت لەکۆتایی یەکانی سەدەی بیست,بەڵام تائێستا هەم دەسەڵات وهەم ڕووناکبیران لەهەوڵەکانیان بۆبەجیهان ناساندنی مەرگەساتی  وهۆلۆکۆستی ئەنفال کەم تەرخەم بوون ,دوای ئاوڕدا نەوەی زیاتر بۆبەجێماوان و کەس وکاری ئەنفال ودەستی ئاوەدانی بۆ ناوچەئەنفال کراوەکان ,پێویستەدەسەڵات وحکومەت لەکوردستان مەڵبەندی تۆێژینەوە بەئەنفال و مادەیەکی تاییەت یش لەسەر ئەنفال وجینۆساید کردنی خەڵکی کوردستان بخرێتەناوقۆناغێك لەقۆناغەکانی پرۆسەی خۆێندن و پەروەردە, تانەوەی نوێ لەتاوانەکان ومێژووی ڤاشیزم و مەترسیداری سەرهەڵدانی بیری ڤاشیزم هووشیاروبەئاگابن لەگەڵ مۆزەخانەیەکی تاییەت بەئەنفالی بەدناو قوربانیەکانی ,دوای دانەواندنی سەری ڕێزم بۆ قوربانیانی ئەنفال ,ئەڵێم بێ لەوەی سورەتی ئەنفالم بەچاووی خۆم نەخوێندۆتەوە بەڵام ئاسەواری ئەنفالی بەدناوم بەدناوم بەچاووی خۆم دیوە,,

Faraidun_73@hotmail.com